وەزارەتی ناوخۆ چەند ڕێنمایییەکی بۆ مانگی ڕەمەزانی پیرۆز دەرکرد

عەبدولئەمیر ئەلشەمەری وەزیری ناوخۆ بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز پیرۆزبایی لە گەلی عێراق کرد، هاوکات ڕێنمایی بۆ ئەم مانگەی پیرۆزە دەرکرد.

شەمەری لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە" بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانەوە، خوای گەورە بۆ خێر و بەرەکەت بیگەڕێنێتەوە بۆ موسڵمانان، ودەوەی پیرۆزبایی لەگەلی ئازیزمان دەکەم وداوا لە خودای گەورە دەکەم کار وچاکەکانتان قبوڵ بکات، و هەموو ساڵێ هەر بمێنن بەخێشی.

ئاماژەی بەوەشکرد بۆ پشتبەستن بەو دەستاتی کە بۆپەی ماددەی (4)ی یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (20)ی ساڵی 2016 پەمان دراوە و لە جێبەجێکردنی بگەکانی ماددەی (2) و (3)ی یاسای پێشوودا، کە ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە چەسپاندنی نیزامی گشتی و پاراستنی ئاسایشدا دیاری کراون و هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت و حکومەتە ناوخۆییەکان لە هەموو پارێزگاکان لەپێناو جێبەجێکردنی یاسا پێیوەندیدارەکان، و بۆ پاراستنی داب ونەرێتەکانی پیرۆزی مانگی ڕەمەزان. هەروەها لە پێناو بەرژەوەندی گشتی ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەمان باویکردەوە؛

1. ڕێزوو شکاندن وخواردن و خواردنەوە لەبەردەم خەڵکدا بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە، بۆ پێچەوانەی ئەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن لایەنە فەرمییە پێیوەندیدارەکانەوە دەردەچن، سەرپێچیکار

ەوبەووی بەرپرسیارێتی یاسایی دەبێتەوە.

٢. لە مانگی ئەمەزانی پیرۆزدا سەرجەم فرۆشگاکانی خواردنەوە کحولییەکان دادەخرێن، سەرپێچیکاریش بەرپرسیارێتی یاسایی لەسەر دەبێت.

3. هەموو ئۆتۆ چێشتخانە و کافە و فرۆشگایانەی کە خواردن یان خواردنەوە پێشکەش دەکەن کە بە شێوەیەکی یاسایی لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە پەسەند نەکراوە لە کاتی بڵاوبوون و تاکاتی نانی فتارە دادەخرێن.

4. لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتەکەمان بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارنامەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و دەزگا فەرمییەکانی حکومەتو حکومەتە خۆجێیەکان.

5- سەرپێچیکار لە بڕگەکانی یاساکە کە لە بڕگەکانی ئەم بڕیارنامەیەدا ئاماژەی پێکراوە، بەرپرسیارێتی یاسایی و دادوەری لەسەرە.

6. ئەم بڕیارنامەیە لەرکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت.